گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/zh7a7198
ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 03/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# پەیوەندی نێوان ئازادیی و یاسا لە ڕوانگەی کانت

عمر محمد علی[1] - حسن حسێن صدیق[2]
omermohammedali61@gmail.com – hassan.25@uor.edu.krd
[2+1] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
لەم توێژینەوەیەدا، لە ڕێگەی میتۆدی شیکارییەوە هەوڵدراوە ڕوانگەی کانت لەمەڕ پەیوەندی یاسا و ئازادیی ڕونبکرێتەوە. کانت گرنگی و ڕۆڵی یاساکان لە ڕێکخستنی کۆمەڵگادا بە بایەخ دەزانێ بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە یەکەمێتی بۆ یاسا ئاکارییەکانە، پێویستە یاسا دانراوەکان، لەگەڵ یاسا ئاکارییەکان هارمۆنیک بین، بەجۆرێک ئەگەر یاسایی دانراو لەگەڵ یاسا ئاکارییەکان دژ بوەستێ، ئەوا پێویستە پابەندی یاسا ئاکارییەکان بین. یاسا ئاکارییەکانیش، پێشیانەن و ژیریانەن، مرۆڤ خۆی سروشتیانە هەڵگری بەهاکانە، ئەمەش یانی بەهاکان شتێکنین لە دەرەوە بەسەر مرۆڤدا سەپێنرابن، دواجار ئەو یاسایانەش ڕۆڵی بنەمایی دەبین بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی یاسا لای کانت، یاساش لەتێگەیشتنی کانت پەیوەنییەکی گرینگ و بنەمایی بە ئازادی مرۆڤەوە هەیە. هەوڵی کانت ئەوەیە ئازادی مرۆڤ لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکبخرێت، بە جۆرێک یاسا نەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئازادی مرۆڤدا. هەر بۆیە یاسا لەلای کانت بریتییە لە کۆیی ئەو مەرجانەی کە بەهرەی کردەوەی ئازادانەی هەر کەسێک ملی بۆ دەدات تاوەکو لەگەڵ بەهرەی ئازادانەی کردەوە لای ئەوانی تر بەگوێرەی یاسایەکی هەمەگیری ئازادی بگونجێت.هەر بۆیە کانت پێیوایە یاساکان دژی ئازادی نین، مرۆڤ کۆت ناکەن، بەڵکو تاکەکان لەنێو چوارچێوەی یاساکاندا ئازادی بە دەست دێنن، بێ بونی یاسا مرۆڤ دەکەوێتە نێو ئاژاوەگێڕی، بەڵام بە مەرجێک ئەم یاسایانە بۆ هەمو کەسێک ڕەوا بن. بەم پێیە کانت پێیوایە یاسا سنورداركردن نییە بۆ ئازادی، بەڵکو دەربڕینی ئازادییە، چونکە دەبێتە هۆی گەیشتن بە پێکەوەژیانی ئاکاری لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و عەقڵانیدا.

**کلیلە وشەکان:** کانت، ئازادی، یاسا، مرۆڤ، عەقڵ، مۆراڵ.

# The Relationship Between Freedom and Law in Kant's View

**Omar Mohammed Ali [1] – Hassan Hussein Siddiq [2]**

[1+2]Department of Philosophy, College of Humanities, Raparin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This paper which is entitled 'the relationship between freedom and law from Kant's perspective' is an attempt to discuss Kant's concern with respect to the significance and the role of rule in the society. He claims that the priority is for the behavioral rules in that the derivative rules should be harmonic with the behavioral ones. The behavioral rules are logical as humans themselves naturally carry these values. On this basis, these rules play a fundamental role to have a philosophical understanding of Kant. Kant tries to arrange humans' freedom in the framework of laws in a way that laws do not be barriers in front of humans' freedom, that is why law by Kant is regarded as the copy of these criteria that the talent of each one is surrendered to in order for them to be suitable with others. In this regard, Kant thinks that laws are not against humans' freedom, rather they arrange their daily affairs on a condition that they are applicable for all. Henceforth, Kant claims that laws do not restrict the freedom, instead they are means to express freedom because they cause their reaching to coexistence in the society. The method used in the paper is a descriptive analytic one which is theoretically comment on the aforementioned philosopher's perspective to law and freedom.

Keywords: Kant, Freedom, Law, Human, Logic, Moral.

## پێشەکی:

لەم توێژینەوەیەدا باس لە پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسادەکەین، سەرەتا چەمکی ئازادی لە ڕوانگەی چەند فەیلەسوف ڕونکراوتەوە وەکو: لۆک، هۆبز...هیتد. پاشان ڕوانگە و بۆچونی کانت لەمەر چەمکی ئازادی خراوەتەڕو. لە ڕوانگەی کانت ئازادی پەیوەندیيەکی توندوتۆڵی چ بە یاسای دارنرا و چ بە یاسا ئاکارییەکانەوە هەیە. لە ڕوانگەی کانت یاساکان نەک نابنە هۆی بەربەست و نەهێشتینی ئازادی مرۆڤ بەڵکو یاساکان هۆیەکن بۆ زامنکردن و پاراستنی ئازادی. خودی یاساش لەلای کانت بە مانایەک لە ماناکان بە مانایی ئازادی مرۆڤ دێت. مرۆڤی ئازادیش لەلای کانت ئەوەیە کە هەر مرۆڤێک بتوانێ ئاوەزی خۆی بەکاربهێنێت، نە بێتە پاشکۆ و کۆیلەی کەسانی تر، یاسا بۆ ئەو مەبەستە دەخرێتەڕو کە ئازادی مرۆڤ بپارێزێ و مەیسەری بکات. هەرچەندە کانت یاسا دانراوەکان بە گرینگ دەزانێ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا، بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕوانگەی کانت یاسا ئاکارییەکان پێشیانەن و پەیوەستن بە ژیرەوە، هەروەها

دورن لە هەر ئەزمون و هەستێک، ڕەهاشن و لە خۆشیاندا ڕاستن، هەردەم یەکەمێتی بۆ یاسا ئاکارییەکانە، بۆیە بەلای کانت پێویستە یاساکان لە یاسا ئاکارییەکان تەبا و گونجاوبن، ئەگەر یاسایی دانراویش لەگەڵ بەها ئاکارییەکان دژ بوەستێ ئەوا مەرجە یەکەمێتی بۆ بەها ئاکارییەکە بێت. بەم پێیەش ئاکار پێوەری چاک و خراپی یاساکانە، ئەو یاسایانەی لەگەڵ بەها ئاکارییەکان دەگونجێن چاکن، ئەو یاسایانەشی لەگەڵ ئاکار نەگونجێ یاسایانێکی خراپن.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

بێگومان یاسا ڕۆڵێکی گرینگ و کاریگەری هەبوە لەسەر ژیانی مرۆڤ، هەر لەزوەوە مرۆڤ پشتی بە یاساکان بەستوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی خۆیی و کۆمەڵگە. کێشە و پرسیاری ئەم توێژینەوەش ئەوەیە ئایا مرۆڤ دەتوانێ لەنێو چوارچێوەی یاساکاندا ژیانێکی ئازادانە و دادپەروەرانە بژی، وە مافی خۆشی بەدەست بێنێت یان یاساکان دەبن بە ڕێگر لەبەردەم وەها ژیانێک کە مرۆڤ بتوانێ گوزارشت لە ئازادی و مافی خۆی بکات.؟ تا چەند یاسا ئازادییەکانی مرۆڤ سنودار دەکات؟ ئایا بەها ئاکارییەکان بنەمان بۆ یاسا و ئازادییەکانی مرۆڤ؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیار و کێشەیەش دەکرێت ڕوانگەو هزری جیاجیامان هەبێت، هەندێکیشیان دژ و پێچەوانەی یەکتری بن، بەڵام لەم توێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی کانت وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین.

**گرینگی توێژینەوەکە:** گرینگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە لێهزین و ڕامان لە پەیوەندی نێوان یاسا و ئازادی لە فەلسەفەی کانتدا دەخاتەرو هەروەها بەژدارە لە تێگیشتنێکی فراوانتر لە فەلسەفەی کانت. گرینگیکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دروستکردنی پردێک بۆ پێکەوە گرێدانی فەلسەفە و یاسا، ئەوەی تێدا دەخرێتە ڕو کە دەکرێت فەلسەفەی کانت لە ڕەهاەندی جیاجیاوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە دەکرێت بە دو بەشەوە، ئامانجی گشتی و ئامانجی تایبەت.

ئامانجی گشتی: ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا

ئامانجی تایبەت:

١- ڕونکردنەوەی ئازادی مرۆڤ لە نێو چوارچێوەی یاساکاندا

٢- ڕونکردنەوەی کردەوەی ئاکاری و کردەوەی یاسایی.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بە کاردەهێنرێت، بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکان تا بە مەبەستێکی ڕون و ئاشکرا بگەین دەربارەی فەلسەفەی یاسا و کاریگەری یاسا لەسەر ژیانی مرۆڤ.لە میتۆدی شیکاریشدا لە باس و پرسە ئاڵۆزەکانەوە هەنگاو دەنرێت، تێدا باس و پرسەکان توێ توێ دەکرێن و لێکهەڵدەوەشێنرێن تا دەگەین بە بنەمایەکی سادە و ڕون، کە دیار و ئاشکرابێت، واتا بەپی ئەو میتۆدە پرس و کێشە ئاڵۆزەکان دوای توێ توێ کردنیان، ڕاڤەیان دەکەین دەیان گەڕێنینەوە بۆ سەر خاڵێکی سادە و ڕون. بە مەبەستی نەهێشتنی ناڕونی و ئاڵۆزی پرسەکان.

**پلانی توێژینەوە:**

پێشەکی، ناساندنی بابەت،کێشەی توێژینەوە، ئامانج و میتۆد، بەشی یەکەم: چەمکی ئازادی، پێناسەی ئازادی، ئازادی لە ڕوانگەی کانت، چەمکی یاسا لە ڕوانگەی کانت، واتای یاسا لای کانت، بەشی دوەم: پەیوەندی ئازادی و یاسا لە فەلسەفەی کانت، تێڕوانینی کانت لە پەیوەندییەکە، ڕۆڵی ویژدان لە دانانی یاساکان، ئەرکی یاسایی و ئەرکی ئاکاری، ئەنجام، کورتەی دۆزینەوەکان، سەرچاوەکان.

**سەرەتایەکی تایبەت بە فەلسەفەی کانت لە پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا.**

ئیمانویل کانت ڕوانگەیەکی نوێ و جیاواز لەسەر پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا دەخاتەڕو کە دژی ڕوانگە تەقلیدییەکانە، لە کاتێکدا زۆربەی فەیلەسوفان یاسا و ئازادی بە دو لایەنی دژبەیەک دەبینن، کانت پارادۆکسێکی فەلسەفی پێشکەش دەکات کە دەڵێت "ئازادی ڕاستەقینە لە پابەندبون بە یاساوە دەکەوێتەوە". ئەمە واتا ئازادی بە مانای "هەرچی بتەوێت بیکەیت" نییە، بەڵکو بە مانای بڕیاردان بە عەقڵە نەک بە هەست و ئارەزو، کانت پێیوایە مرۆڤ کاتێک بە عەقڵ بیردەکاتەوە، خۆی یاسای ئاکاری دۆزیتەوە بە پرسیاری "ئەگەر هەموکەس ئەم کارە بکات چی ڕودەدات؟". لەم ڕوانگەیەدا یاسا لە دەرەوەوە سەپێنراو نییە، بەڵکو خۆت بە عەقڵت دایدەڕێژیت، هەربۆیە یاسا ڕێگر نییە لەبەردەم ئازادی، بەڵکو زامن و پارێزەری ئازادییە، ئەم بیرۆکەیە بناغەی دیموکراسی مۆدێرنە و تایبەتمەندی سەرەکی فەلسەفەی کانتە لە جیاکردنەوەی خۆی لە هزری فەیلەسوفانی پێشوی وەک هۆبز و لۆک.

**1- ئازادی و یاسا لە فەلسەفەی کانت:**

چەمکی ئازادی و یاسا ڕۆڵێکی سەرەکییان لە فەلسەفەی کانتدا هەیە، بەو پێیەی بە دو پایەی سەرەکی و بنەڕەتی دادەنرێن بۆ بنیاتنانی ئاکار و کۆمەڵگە. کانت هەوڵیداوە هاوسەنگییەک لە نێوان ئازادی تاک و کۆمەڵگە دروست بکات بە جۆرێک ئازادی تاک لەنێو چوارچێوەی یاسا گشتییەکانی کۆمەڵگە پارێزراوبێت. کانت لە ڕێگەی تیۆری ئاکارەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە ئازادی ڕاستەقینە بەمانایی نەبونی دەسەڵاتی دەرەکی و ئازادی ڕەها نیە، مرۆڤ ئارەزوی چی کرد بیکات، بەڵکو ئازادی دەبێت پەیوەست بێت بە یاسا ئاکاریەکان کە پێشیانەن و خودی مرۆڤ هەڵگریانە. لەلایەکی تر کانت ئازادی بە یاساوە دەبەستێتەوە، پێیوایە یاساکان دژی ئازادی نین، مرۆڤ کۆت ناکەن، بەڵکو تاکەکان لەنێو چوارچێوەی یاساکاندا ئازادی بە دەست دێنن، بێ بونی یاسا مرۆڤ دەکەوێتە نێو ئاژاوەگێڕی، بەڵام بە مەرجێک ئەم یاسایانە بۆ هەموکەسێک ڕەوا بن. بەم پێیە کانت پێیوایە یاسا سنوردارکردن نییە بۆ ئازادی، بەڵکو دەربڕینی ئازادییە، چونکە دەبێتە هۆی گەیشتن بە پێکەوەژیانی ئاکاری لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و عەقڵانیدا.

هەروەها کانت تیشک دەخاتە سەر گرنگی "ئیرادەی باش" وەک مەرجێکی جەوهەری بۆ گەیشتن بە ئازادی بەپێی یاسا. ئەو پێیوایە ئازادی تەنها حاڵەتێکی سروشتی نییە، بەڵکو دەکرێت لە چوار چێوەی دەوڵەتێکی دادپەروەر و پابەند بە یاسا بەدیبهێنرێت. ئەمەش گرینگی و چەمکی ئازادی و یاسامان بۆ دیاردەخات لە فەلسەفەی کانتدا بۆ چێکردنی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز، کە تاکەکان ماف و ئازادیان تێیدا پارێزراوبێت.جگە لە ڕەهەندی ئاکاری، یاسا لە فەلسەفەی سیاسی کانتیشدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەو پێیەی بە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی دادپەروەری دادەنرێت. کانت لە کتێبی (پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی)دا، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، چۆن یاسا دەتوانێت ئازادی سیاسی زامن بکات، ببێتە هۆی دابینکردنی سیستەمێکی یاسایی ئەوتۆ، تاکەکان تێدا یەکسانبن و مافەکانیان بپارێزێت. کانت پێیوایە دەوڵەتی ئایدیاڵ ئەو دەوڵەتەیە لەسەر بنەمای یاسای گشتی دامەزراوە، ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گشتییە و ئازادی تاکەکانیش لە چوارچێوەی سیستەمێکی دادپەروەر و یاساییدا مسۆگەر دەکات.

دەکرێت بەکورتی بڵێین ئامانجی ئەم بەشە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا لە فەلسەفەی کانتدا، بەتایبەت تیشک دەخرێتە سەر ئەوەی کە چۆن ئازادی و یاسا پێکەوە هەماهەنگن بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد.

**1-1- چەمکی ئازادی:**

**1-1-1- چەمکی ئازادی لە ڕوی زمانەوانییەوە:**

چەمکی "ئازادی" هەڵگری مێژویەکی دور و درێژە بە تێپەڕبونی مێژو و سەردەمە جیاوازەکان مانا و تێگەیشتنی جیاواز لەمەر ئەم چەمکە خراوەتە ڕو. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێناسەکردن و تێگەیشتن لەم چەمکە ئاڵۆز و قورس بێت نەتوانرێ پێناسەیەگی گشتی و کۆنکرێتی بۆ ئەم چەمکە بخرێتەڕو. لە یۆنانیی کۆندا، وشەی

("Ελευθερία")، ( Ελευθερία) بەکارهێنراوت بۆ ئاماژەکردن بە ئازادی لە چوارچێوەی سنوردارکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، چونکە بە مانای بەشداریکردن بو لە ژیانی سیاسی دەولەت ـــــ شارەکانی یۆنان (ئەرستۆ، ١٩٨٠، ٢١٤). لە زمانی لاتینیدا وشەی "libertas" بەکارهێنراوە، کە ئاماژەیە بۆ مافە سیاسییەکان و توانای بەشداریکردن لە کاروباری گشتیدا. (Cicero ,2010, :112).

چەمکی ئازادی لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا دەگەڕێتەوە بۆ وشە libertas لاتینی، کە بە مانایی ئازادی دێت بەم شێوەیە: لە ئینگلیزیدا وشەی liberty دەگەڕێتەوە بۆ وشەی libertè، ئەم وشە فەرنسیەش دەگەڕێتەوە بۆ وشەی libertas، ئەم وشەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی liber، کە بەمانایی ئازادی دێت(Oxfort English Dictionary, .n.d ) وشەی "ئازادی" لە زمانی عەرەبیدا لە ڕەگی (ح-ر-ر) ەوە، هاتوە، بە واتای ڕزگاربون دێت. لە فەرهەنگی عەرەبیدا، ڕەگەکە ئاماژەیە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی لە کۆیلایەتی یان سنوردارکردن. (المجام الواسیت، ٢٠٠٤، ٥٠٠).

## 2-1-1- چەمکی ئازادی لە ڕوانگەی هزری فەیلەسوفانەوە:

بێگومان پێناسەکردن یا کۆک بون لەسەر پێناسەکی گشتگیر لەمەڕ چەمکی ئازادی کارێکی مەحاڵە چونکە چەمکی ئازادی یەکێکە لەو چەمکە بنچینەییانەی بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوی فەلسەفە، باسی لێوەکراوە، تێڕوانین و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. پێناسە و تێڕوانینەکانیش بەپێی زەمینە و کولتورە جیاوازەکان، جیاوازبون. ئازادی بە بەردی بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دادەنرێت، بەوپێیەی پەیوەندییەکی نزیکی بە مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە. هەرچەندە زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندان لەسەر گرنگی ئازادی وەک مافێکی بنەڕەتی کۆکن، بەڵام تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە، هەندێك لە بیرمەندان ئازادی بە مافێکی ڕەها دەزانن، هیچ سنورێکیان بۆ دانەناوە، بەڵام لەلای هەندێك بیرمەندی تر ئازادی سنوردارە، دەبێت ڕەچاوی مافی ئەوانی دیکەش بکرێت. بەم پێیەش لە لای ئەم ڕەوتە ئازادی گرێدراوە بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کەسانی دیکە و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە.

بیرکردنەوەی فەلسەفییش سەبارەت بە چەمکی ئازادی لە فەلسەفەی کۆنەوە دەستی پێکردوە، بەردەوامی هەبوە تا فەلسەفەی هاوچەرخ. هەردەم بەشێکبوە لە بیرکردنەوی هزرمەندان، بەردەوامیش پەرەی سەندوە و مانایی نوێ وەرگرتوە.هەروەها لە زۆر بواری جۆراوجۆر قسەی لەسەر کراوە وەك: سیاسی، کۆمەڵایەتی. لە خوارەوە بەشێوەیەکی کورت باس لە چەمکی ئازادی دەکەین بە پێی قۆناغەکانی مێژوی فەلسەفە.

لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا، ئازادی پەیوەندییەکی نزیکی بە بابەتەکانی وەک، فەزیلەت و ژیانی باشەوە هەبوە. (پلاتۆن ٤٢٨-٣٤٨ پ.ز) پێیوابو کە ئازادی ڕاستەقینە لە ڕێگەی گەیشتن بە دادپەروەری لە دەوڵەتدا بەدەست دێت. لە کتێبی (کۆمار)دا، ئازادی تاك ڕەتدەکاتەوە، چونکە پێیوایە ئازادی تەنها لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت. دەوڵەتی دادپەروەریش لای پلاتۆن لەسەر بنەمای نایەکسانی چینایەتی دروست دەبێت. (أفلاطون، 380 ق.م، 92). بەڵام تێڕوانینی ئەریستۆ (384-322 پێش زایین)، لەمەڕ چەمکی ئازادی لە چوارچێوەی ئازادی سیاسی بو، لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا. لە کتێبی (سیاسەت)دا، ئەرستۆ ئازادیی بە بەشداری سیاسی لە ژیانی گشتیدا گرێداوە. ئەرستۆ پێیوایە ئازادی کاتێک بەدی دێت کە هاوڵاتیان بتوانن بەپێی بنەماکانی دادپەروەری و هاوسەنگی بریار بدەن، بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا بکەن، بەمپێیەش ئازادی پەیوەستە بە بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵەوە. (أرسطو، 350 ق.م، 118).

لە فەلسەفەی ڕۆمانییدا چەمکی ئازادی جێیەکی گرینگ و پربایەخی هەیە.فەیلەسوفی ڕۆمانی سێنێکا (٤ پێش زایین - ٦٥ ز) جەختی لەوە کردۆتەوە ئازادی ڕاستەقینە لە ئازادی ئارەزوەکان و سەربەخۆیی لە هەلومەرجی دەرەکیدایە. (سینیکا، 54 م، 132). واتا ئازادی مانایەکی ناوەکی هەیە مرۆڤ ئەگەر لەدەریشەوە کۆت بکرێت بەڵام لە ناخی خۆیدا هەستی بەئازادی ئەوا ئازدە. ئازادی شتێکی نێو مرۆڤە پەیوەندی بە دەرەوەی مرۆڤەوە نییە.

لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتیدا قسـە دەربارەی ئازادی کراوە، بەڵام وەک چۆن لەم سـەدەیەدا هەمو شـتێک دەخرێتە نێو چوارچێوەی ئایینەوە و بە ئایینەوە گرێدەدرێ ئاواش مانا و چەمکی ئازادی بە ئایینەوە دەبەسـترێتەوە چیتر وەک سـەردەمی کلاسـیکی گریک لە چوارچێوەی فەلسـەفیدا بیری لێناکرێتەوە بەجۆرێك گرنگیان بە ئازادی ڕۆحی و ئیرادەی ئازاد لە چوارچێوەی ئایینیدا داوە. لەم قۆناغەدا ئۆگسـتین (٣٥٤-٤٣٠ز)، باسی لەوە کردوە کە ئازادی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی نێوان چاکە و خراپەوە هەیە و ئیرادەی مرۆڤ ئازادە بۆ ئەوەی ڕو لە خودا بکات یان لێی دوربکەوێتەوە. (أوغسطينوس، 400 م، 45). تۆماس ئەکویناسیش (١٢٢٥-١٢٧٤) هەوڵیداوە ئازادی خودایی لەگەڵ ئازادی مرۆڤدا تێکەڵ بکات. ئاکویناس لە لێکدانەوەی یاسای سروشتیدا ڕونی دەکاتەوە کە ئازادی ڕاستەقینە لە شوێنکەوتنی ویستی خودادا دەردەکەوێت، واتە کاتێک مرۆڤ چاکە هەڵدەبژێرێت، ئەوا شوێن ویستی ئیلاهی دەکەوێت و ئازادی خۆی بە تەواوی مومارەسە دەکات (توما الأكويني، 1265 م، 58).

لە فەلسـەفەی مۆدێرنیشـدا گۆڕانێکی گەورە بەسـەر چەمکی ئازادیدا هات، هەروەها جیاواز لە سـەردەمانی تر بەشـێوەیەکی هەراو و بەربڵاوتر لەم چەمکە دواون یان بە مانایەکی تر لەم سـەدەیەدا لێهزرین سـەبارەت بە ئازادی گەشەسەندوترە لە چاو سەردەمەکانی تر.بەوپێیەی فەیلەسوفەکان لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەشێوەیەکی جیاوازتر لە سەدەکانی ناڤین باس لە ئازادی دەکەن دور لە ئاین. پەیوەستیان کردەوە بە عەقڵی مرۆڤ و یەکسانی سیاسی. تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩) لە چوارچێوەی دۆخی سروشـتی و دەوڵەت باس لە ئازادی دەکات. ئەو پێیوابوە لە دۆخی سروشتیدا کە دۆخێکی شەرانگێزییە و شەری هەموان دژی هەموانە، بەم پێیەش لەم دۆخەدا هەر تاکێك ئازادی ڕەهای هەیە، ئەمەش سەرچاوەی کێشەیە بۆ هۆبز، بۆ دەرچون لەم دۆخەش بەڕای هۆبز پێویستی بە پاشایەکی بە دەستەڵات هەیە بۆ ئەوەی دۆخی سروشتی تێ بپەڕێنین و جۆرێك لە ئازادی سنوردار بێتە کایەوە. بەجۆرێک تاک بەپێی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەی دەیبەسـتێ واز لە ئازادی خۆی دەهێنێت بۆ دەوڵەت و پاشـا تا ئاشـتی و سـەقامگیری بەرقەرارببێت. چونکە سروشـتی مرۆڤ شـەڕە، ئەگەر ئازاددیەکەی کۆت نەکرێت ئەوا هەرگیز سـەقامگیری بەدینایەت. بەم پێشـەش تاکەکان هیچ ئازادییەکیان نامێنێ، دەسـەڵاتی ڕەها لای دەوڵەت و پاشـایە، هەر ئەوەش بەدیهێنەری ئاشـتی و سەقامگیرییە.(هوبز، 1651، 52).

بەڵام جۆن لۆک جیاوازتر باس لە چەمکی ئازادی دەکات (١٦٣٢-١٧٠٤) چەمکی ئازادی وەک مافێکی سروشـتی پەیوەست بە خاوەندارێتی تایبەت و مافی ژیانەوە دەبەستێتەوە. هەرچەندە بە لۆکەوە ئازادی لە ڕێگەی حکومەتێکەوە بەدەسـت دێت بەڵام حکومەتێک کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەل بکات و مافی تاکەکان بپارێزێت. ئەو پێیوایە حکومەت مافی ئەوەی نییە مافی تاکەکان سـنوردار بکات، تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت مافی تاکەکان سـنوردار بکات کە ئامانج لێی پاراستنی مافی کەسانی دیکە بێت. (لوك، 1690، 78).

بەم شێوەیەش دەوڵەت و حکومەت ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی نییە، کە لای هۆبز هەیبو، لەم تێگەیشتنەی لۆکدا، هەم تاک خاوەن ئازادی و مافە هەم حکومەتیش، پێویسـتە ئازادی و مافی تاکەکان بپارێزێت. هەروەها ژان ژاک ڕۆسـۆش (١٧١٢-١٧٧٨)، تێڕوانینێکی نوێی دەربارەی ئازادی خستەڕو لە چوارچێوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا. بەلای ڕۆسـۆوە مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت، بەڵام لە هەمو لایەکەوە کۆت بەند دەکرێت. یانی دۆخی سروشـتی شـەڕنییە بەڵکو برتییە لە ئاشـتی و ئازادی، بەڵام دوایی ئەوەی مرۆڤ دەچێتە نێو چوارچێوەی کۆمەڵگە و یاسـاکان بەرەبەرە لە ئاکامی سیستەم و یاسایی دیکتاتۆریانەوە. کۆت و بەند دەکرێت ئەوەش وا لە ڕۆسۆ دەکات کە بیر لە شێوەیەکی حکومەت و دەوڵەت بکاتەوە کە مرۆڤ تێیدا ئازادی بەدەسـت بێنێت و خاوەن ماف بێت. لەم بارەیەشـەوە ڕۆسـۆ لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا "گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی"دا پێیوایە ئازادی ڕاسـتەقینە لە بەشـداریکردنی کارادایە لە دامەزراندنی ئەو

یاسـایانەی کە تاک بەڕێوەدەبەن. بۆیە ئازادی لە کۆمەڵگەدا ئازادی تاک نییە، بەڵکو ئازادی بەکۆمەڵە، کە لە کۆدەنگی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت لە پێکهێنانی ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ بۆ چاکەی گشتی. (روسو، 1762، 115).
لە فەلسـەفەی هاوچەرخشـدا تێگەیشـتن و مانای نوێ لەمەڕ چەمکی ئازادی خراونەتە بەرباس، بەجۆرێک بەشـێکی سەرەکی فەلسەفەی زۆرێک لە بیرمەندانی ئەو سەردەمە بوە کە بێگومان ناکرێت بیر و ڕاپی هەموبان باس بکەین، بۆیە لەم سەردەمەشدا بیر و هزری دو کەس باس دەکەین ئەوانیش سارتەر و ئیزابیل دی ڕیکۆن.
ژان پۆڵ سارتەر (1905-1980)، ئازادی بە جەوهەری بونی مرۆڤ دەزانی. مرۆڤ بۆ سارتەر، تەنیا لەوکاتەدا دەتوانێت ئازاد بێت کە بەرپرسـیارێتی هەڵبژاردنەکانی خۆی لە ئەسـتۆ بگرێت، هیچ مانایەکی پێشـوەختەی بۆ دابین نەکات. ئەو پێیوایە مرۆڤ هەمیشە لە دۆخێکی بەردەوامی هەڵبژارندنایە، بۆیە دەبێت هەڵبژاردنەکانیشی. بەپێی ویستی ئازادی خۆی بێت. (Sartre,1943:102). بەم شێوەیە ئازادی لای سارتەر توند بە بەرپرسیارەتی بەستراوەتەوە، بێ بەرپرسیاریەتی مرۆڤ ناتوانێ ئازادبێت چونکە کاتێ مرۆڤ خۆی شـتەکان هەڵنەبژێرێ ئەوا بەرپرسـیاریش نابێت لە ژیانی خۆی، ئەمەش دەیکات بە مرۆڤێکی کۆیلە و نائازاد. بەڵام کاتێ خۆی شـتەکانی هەڵبژارد، ئەوا هەر خۆشی بەرپرسـیاردەبێت لە ژیانی خۆی، ئەوەش دەیکات بە کەسێکی ئازاد
ئیزابێل دی ڕیکۆش تیشـک دەخاتە سـەر ئازادی کۆمەڵایەتی. جەخت لەسـەر پێویسـتی گەیشـتن بە ئازادیی بەکۆمەڵ دەکاتەوە لە ڕێگەی سـیسـتەمێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە، کە ددان بە مافی تاکەکاندا بنێ و دەرفەتی یەکسـانیان بۆ دەسـتەبەر بکات، بەمەبەسـتی گەیشـتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی. (Ricardo,1995, 56). چونکە بۆ ئەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە، ئەوا پێویستە تاک ئازادبێت( بەڵام ئازادی ڕەهانا) وە دەرفەتی یەکسانیش بۆ هەمو تاکەکان برەخسـتێ. ئەم دەم هەمو تاکەکان بەپێی توانا و لێهاتوییان بەژداری ژیانی کۆمەڵایەتی و سـیاسی و ئابوری دەکەن و کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەرێوە دەچێ.
لەکۆتایدا دەکرێت بێژین: ئازادی گرینگییەکی پربایەخی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە. هەر ئەوەش وایی کردوە هەر دەم پرسێکی گرینگ و جێی تێڕامانی بیرمەندان بێت. هەر وەک چۆن لەسەرەوە باسی چەندین بیر و ڕاپی بیرمەندانمان بە پێی سەردەمە جیاوازەکان کرد

## 1-2- ئازادی لە ڕوانگەی کانت:

ئازادی یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتیەکانی فەلسـەفەی کانت، گرینگی و بایەخێکی زۆری هەیە، پەیوەسـتە بە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئاشـتیخوازەوە. لە ڕوانگەی کانتەوە ئازادی مەرجی بنچینەیی ئاکاربیە. کارێک تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانرێت بە ئاکاری هەژمار بکرێت کە دەرئەنجامی ئیرادەی ئازاد بێت. لەسـەر ئەوبنەمایەش کانت پێیوابو مرۆڤ دەبێت بڕیارەکانی لەسـەر بنەمای ئەرکی ئاکاری بدات، نەک بەهۆی کاریگەربیە دەرەکییەکانی وەک هۆکاری بایۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، یان ئابوری. ئەمەش مانای ئەوەیە ئازادی پەیوەندی بە توانای مرۆڤەوە هەیە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو یاسـا ئاکاربیانەی لەسـەر بنەمای عەقڵ بەسـەر خۆیدا دەیان سـەپێنێت. دەکرێت لە چەند لایەنێکەوە گرینگی و بایەخی ئازادی لە ڕوانگەی کانت بخەینە ڕو.
١- ئازادی و بنەما ئاکاربیەکان: کانت، دەریدەخات ئازادی مەرجێکی پێویستە بۆ بەرپرسیارێتی ئاکاری. تاکەکان تەنیا کاتێ ئازادن کە لە ڕوی ئاکاربیەوە بەرپرسـیاربن لە کردەوەکانیان و لە هەڵبژاردنی کردارەکانیا. بە واتایەکی تر، کردارێک تەنیا لەوکاتەدا ئاکاربیە کە لە ئیرادەی ئازادەوە سـەرهەڵبدات و پابەند بێت بە یاسـا ئاکاربیەکان و بنەمای ئەرک. (کانت، ١٧٨٥، ٥٢). بەڵام کاتێ مرۆڤ ئازادنییە، خۆی بڕیار لەسەر شتەکان و کردارەکانی نادات ئەوا بەرپرسیاریش نییە لە کار و کردەوەکانی. بەڵام وەک دیارە کانت ئازادی دەبەسـتێتەوە بە ئاکار، بەها ئاکاربیەکانیش شـتێکی ژێرەکین و مرۆڤ هەڵگریانە، لەدەروە بەسـەر مرۆڤدا نەسەپێنراون. مرۆڤ بە جێبەجێکردنی ئەو بەهایانە نابێ بە کەسـێکی نائازاد، بەڵکو

ئەرکە مرۆڤ پابەندی ئەو بەهایانە بێت، بەڵام ئەگەر بێت و مرۆڤ پابەندی بەهایانێکی دەرەوەی خۆی بێت ئەوا دەبێتە کەسێکی نائازاد و نا بەرپرسیار.بەم شێوەیە ئازادی نەبونی یاسا یان خۆملکەچبون نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنێکی ئازادە کە لەسەر بنەمای پێوەرە عەقڵانیەکان دامەزراوە. کاتێک تاک پەیڕەوی لە ئەرکی ئاکاری دەکات و ئازادی ڕاستەقینەی خۆی دەردەبڕێت، ئەمەش وای لێدەکات لە ژیانیدا چاکە و دادپەروەری بەدەستبهێنێت. (1788, Knat,145).

هەرچەندە کانت جەخت لەسەر گرنگی ئازادی دەکاتەوە بۆ بەرپرسیارێتی لەسەر ئاکاری بەڵام ڕوبەڕوی ئالەنگاری فەلسەفیی، پارادۆکسی ـــ دژیەکی ئازادی دەبێتەوە: چۆن دەتوانێت ئیرادە ئازاد بێت و لە هەمان کاتدا بە یاسای ئاکاری دیاری بکرێت؟ لەم چوارچێوەیەدا کانت پێیوایە ئازادی دو جۆری هەیە: ئازادی پراکتیکی ـــ کرداری و ئازادی گەردونی. ئازادی کرداری بریتییە لە توانای بڕیاردان لە ژیانی ڕۆژانەماندا لەسەر بنەمای پێوەرە ئاکارییەکان، لە کاتێکدا ئازادیی گەردونی ئەو ئازادییە تەواوەیە مرۆڤەکان هیوای بەدەستهێنانی دەخوازن کاتێک بتوانن لە دۆخێکی یاساییدا بژین، هەمو تاکێک لە چوارچێوەی پێکەوە ژیاندا ئازادە لەگەڵ ئەوانی تر بەپێی یاسا.بەمشێوەیە کانت ئازادی بە عەقڵانیەت و ئیرادەی عەقڵانییەوە دەبەستێتەوە. لە ڕوانگەی کانتەوە ئازادی شێوەیەکی سادە و وەک توانای هەڵبژاردنی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو وەک توانای بڕیاردانی ئاوەزی و بنەمایی یاسای ئاکارییە. لەم چوارچێوەیەشدا ئازادی ڕاستەقینە ئەو ئازادییەیە کە تاک بتوانێت بە پێی پرەنسیپە عەقڵانیەکان خۆی بەڕێوەببات، ئەوەی بە دروستی دەزانێت لە ژێر یاسای ئاکاریدا ئەنجامی بدات، تەنانەت ئەگەر ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدات لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە باو نەبون.مرۆڤ کاتێک لەسەر بنەمای پرەنسیپی ئەرک بڕیارێک دەدات، بەرزترین شێوەی ئازادی دەرونی بەدەست دەهێنێت. ئەمە بەو مانایە نییە،مرۆڤ بەدەست کاریگەریی فاکتەرە دەرەکییەکانەوە نانالێنێت، بەڵکو مانای ئەوەیە بڕیارەکەی بە بارودۆخی ژینگەیی یان بارودۆخی کۆمەڵایەتی دیاری نەکراوە، بەڵکو دەرئەنجامی ئیرادەی ئازادە کە پرەنسیپی ئاکاری پەیڕەو دەکات. ئەمەش لە کتێبی (دانانی بنەمای میتافیزیکیی ئاکار)دا دەردەکەوێت، لەو کتێبەدا کانت جەخت لەوە دەکاتەوە مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو کردارانەی لەگەڵ ئەرکی ئاکاریدا یەکدەگرنەوە، نەک لەگەڵ بەرژەوەندییە کەسییەکان یان پاڵنەرە خۆویستەکانی. (Kant,1785,89). بەو مانایە مرۆڤ ئازادنییە لە هەڵبژاردنی ئەو کردارانەی لە پێوەندن بە بەرژەوەندییە کەسییەکان و پاڵنەرە خۆوێستەکان. بەڵام کانت تەنیا باس لەوە ناکات ئازادی تەنها پەیوەندی بە کردارەکان و عەقڵەوە هەیە. یان هەڵبژاردن و بڕیاری ئەقڵانی بەڵکو پێی وایە ئازادی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ. ئازادی لای ئەو، لە واقیعی ماددی یان ئەو یاسا فیزیاییانەی جیهان بەڕێوەدەبەن سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو تایبەتمەندییەکی میتافیزیکییە مرۆڤ لە بونەوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە. مرۆڤ تەنیا بە هۆکاری ماددی سنوردار نییە، بەڵکو توانای هەڵبژاردنی ئازادانەی هەیە، توانایەک کە مرۆڤ لە هەر بونەوەرێکی دیکەی گەردون جیا دەکاتەوە.

ئەمەش سەرەڕای جەختکردنەوەی کانت لەسەر ئازادی، ددانی بەوەدانا کە کێشەی میتافیزیکی پەیوەست بەم چەمکە هەیە، وەک پرسی گونجانی نێوان ئازادی و پێویستی هۆکارە میکانیکییەکان، بەڵام کانت پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادە، هێزە سروشتییەکان تێدەپەڕێنێت، لەڕێگەیەوە دەتوانێت هەڵبژاردنەکانی بەپێی ئاکار ئاراستە بکات نەک تەنها پێویستی ماددی. (Kant,1785, 120).

٢- ئازادی و سیاسەت: لەلایەکی تر کانت لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسیدا، باس لەوە دەکات ئازادی بە مانای ئاژاوەگێڕی یان نەبونی یاسا نییە. بە پێچەوانەوە لە سیستەمی سیاسیدا ئازادی وەک توانای ژیان لە دەوڵەتێکدا دەبینرێت کە یاسای دادپەروەرانەی هەبێت و مافی تاکەکانی تێدا پارێزراو بێت. لەم بارەوە کانت لە کتێبی "ئاشتی هەمیشەیی" (١٧٩٥)دا ڕونی دەکاتەوە،ئازادی سیاسی پێویستی بە دەوڵەتێکی یاسایی هەیە، بۆ ئەوەی هەمو مافەکان پارێزراو بن و تاکەکان ڕێگەیان پێبدرێت بە پێی یاسا گشتییەکان ئیرادەی خۆیان بەدیبهێنن، هەروەها ڕێز لە کەرامەتی

مرۆڤ بگیرێت،.لەم چوارچێوەیەدا ئازادی تەنیا نەبونی ستەم نییە، بەڵكو توانای مامەڵەكردنە لە چوارچێوەی یاساكاندا بۆ گەرەنتیكردنی دادپەروەری و یەكسانی و دادپەروەری كۆمەڵایەتی. (كانت، ١٧٩٥، ٨٠).لەم ڕوانگەیەشەوە كانت پێیوایە ئازادی سیاسی لە بونی دەوڵەتێكی یاساییدا بەرجەستە دەبێت كە ڕێز لە مافی تاكەكان بگرێت و ئازادیی كرداریان لە چوارچێوەیەكی یاسایی كە ڕێز لە یەكسانی و دادپەروەری بگرێت، زامن دەكات. بۆیە ئازادی بە دابڕان لە دادپەروەری و یەكسانی لە كۆمەڵگەدا خەیاڵ ناكرێت

٣-ئازادی و عەقڵ: هەروەها كانت پێیوابو ئازادی كلیلی پێشكەوتنی مرۆڤە بەرەو ڕۆشنگەری. لە وتارە بەناوبانگەكەیدا "ڕۆشنگەری چییە؟" (1784)، كانت ڕونی دەكاتەوە كە ڕۆشنگەری بریتییە لە دەركەوتنی مرۆڤ لە دۆخی ناكامی كە بەهۆی بەكارنەهێنانی عەقڵەوە بەسەریدا سەپێنراوە و دەبژێ: " "ئازایەتی ئەوەت هەبێت هزری خۆت بەكاربهێنێت" ئەوە دروشمی سەردەمی ڕۆشنگەرییە.( كانت، ١٧٨٤، ٢٦)بەلای كانتەوە ڕۆشنگەری ئەوەیە مرۆڤ خۆی داماڵێ لە بیركردنەوە ئەفسانەییەكان و نا ئاوەزییەكان، لە ڕێگەی ئاوەزی خۆیەوە لە شتەكان ڕامێنی و لێكدانەوەیان بۆ بكات، بە جۆرێك پشت بە هیچ كەسێكی تر نەبەستێ، چونكە مرۆڤ ئەوكاتەی كە نەتوانێ ئاوەزی خۆی بەكاربهێنێ ئەوا دەبێتە مرۆڤێكی هەرزەگۆ و ڕامكراو و بە مێگەل بو. هەرزەیش بریتییە لە بەكارنەهێنانی ئاوەزی خۆت و پشت بەستن بە ئاوەز و بیر و ڕاپی ئەوانی تر. كانت ئازادی بە توانای بەكارهێنانی عەقڵ دەزانێت بەبێ ئەوەی ملكەچی هیچ دەسەڵاتێك یان نەریتێك بێت كە بیری كەسی سنوردار بكات. ئازادی گرینگ و پڕبایەخە پێویستییەكی بنەڕەتییە بۆ مرۆڤ چونكە مرۆڤ تەنیا كاتێك ئازادە كە دەتوانێت عەقڵی خۆی ڕۆشن بكاتەوە لە كۆیلەتی و ناكامی ڕزگاری بێت و بیركردنەوەی ڕەخنەیی و چالاكی هزری خۆی پراكتیزە بكات.

٤- ئازادی و ئەرك: كانت لە كتێبی ڕەخنەی عەقڵی پراكتیكی (١٧٨٨)دا باس لە پەیوەندی نێوان ئازادی و ئەرك دەكات و جەخت لەوە دەكاتەوە، ئازادی بە مانای ئاژاوەگێڕی یان نەبونی كۆنترۆڵ نییە. ئازادی لای ئەو، بریتییە لەو ئیرادەیەی كە خۆی كۆنترۆڵ دەكات، هەروەها چاكەكردن هەڵدەبژێرێت لەسەر بنەمای پێوەرە عەقڵانی و ئاكارییەكان كە پابەندی دەكەن بە ئەرك. بۆیە لە چەمكی ئازادیی كانتدا تاك دەبێ بە ئازادی بە پێی ئەو پرەنسیپی ئەركەی كە بەرژەوەندی گشتی و یاسای ئاكاری بەسەریدا سەپێنراوە، بە ئازادی ڕەفتار بكات، نەک تەنها بەپێی ئارەزوی خۆی یان هەستەكانی خۆی.

بەم شێوەیە ئازادی نەبونی یاسا یان خۆملكەچبون نییە، بەڵكو لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنێكی ئازادە كە لەسەر بنەمای پێوەرە عەقڵانیەكان دامەزراوە. كاتێك تاك پەیڕەوی لەوە دەكات كە ئەركی ئاكاری دەكات و ئازادی ڕاستەقینەی خۆی دەردەبڕێت، ئەمەش وای لێدەكات لە ژیانیدا چاكە و دادپەروەری بەدەستبهێنێت. (Knat,1788, 145).

دەكرێ بڵێین ئازادی بە بڕوای كانت ئازادی عەقڵانییە، كە تەنیا نەبونی سنورداركردن نییە، بەڵكو توانای بڕیاردانی عەقڵانییە كە لەگەڵ ئەو بنەما ئاكارییانەی یاسا ئاكارییەكان سەپێنراون، یەكدەگرێتەوە. ئەم ئازادییە تاكە ڕێگایە بۆ گەیشتن بە بەرپرسیارێتی ئاكاری و چاكەی گشتی.لێرەشەوە بۆمان دەردەكەوێت كە كانت ئازادی لە فەلسەفەكەیدا بە تەنها ئازادی لە سنورداركردن یان ناڕونی لە بڕیارداندا نابینێت، بەڵكو وەک ئاراستەكردنی ئیرادە بەرەو گەیشتن بە چاكەی ئاكاری لە ڕێگەی پابەندبون بە یاسای ئاكاری و دادپەروەری لە كارلێكە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكاندا دەبینێت. لە ڕێگەی ئەمەوە ئازادی بەشێكی جەوهەرییە لە بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی عەقڵانی كە بەهای كەرامەت و یەكسانی مرۆڤ بەرز دەكاتەوە. بەمشێوەیەش بۆمان دەردەكەوێت كە كانت دیدێكی فەلسەفیی هەمەلایەنە بۆ ئەم چەمكە دەخاتە ڕو، بەو پێیەی ئازادی لای ئەو پەیوەندیی بە عەقڵانیەت و ئاكار و میتافیزیكەوە هەیە.

### 3-1- چەمكی یاسا لە ڕوانگەی كانت.

لە ڕوانگەی كانتەوە یاسا دو جۆری هەیە كە پێكەوە سیستەمێكی یەكگرتو دروست دەكەن، یاسای ئاكاری ئەو یاسا گەردونییانەن كە مرۆڤ بە عەقڵی خۆی دەیاندۆزێتەوە و لە سروشتی مرۆڤدا ڕەگیان هەیە، وەک یاسای ڕاستگۆیی

یان یارمەتیدان کە ئەگەر گشتگیر بکرێن کۆمەڵگا باشتر دەبێت، لەلایەکی ترەوە یاسای ئەرێنی ئەو یاسا دانراوانەن کە مرۆڤ و دەوڵەت دایاندەنێن بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، کانت جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکەمێتی هەمیشە بۆ یاسای ئاکارییەکانە، واتا یاسا دانراوەکان دەبێت لەگەڵ یاسا ئاکارییەکان بگونجێن، ئەگەر ناکۆک بون یاسای ئاکاری دەبێت پەیڕەو بکرێت. بەم شێوەیە یاسا لەلای کانت بریتییە لە کۆی ئەو مەرجانەی کە ئازادی هەر کەسێک لەگەڵ ئازادی ئەوانی تر بەگوێرەی یاسایەکی گشتگیر بگونجێت، بۆیە یاسا سنوردارکەری ئازادی نییە بەڵکو دەربڕینی ئازادییە و دەبێتە هۆی گەیشتن بە پێکەوەژیانی ئاکاری لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و عەقڵانیدا.

## 4-1- واتای یاسا لای کانت.

یاسا لە فەلسەفەی کانتدا چەمکێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە کە بنەمای تیۆری ئاکاری و سیاسی ئەو پێکدەهێنێت. کانت لە کتێبی "دانانی بنەمای میتافیزیکی ئاکار"دا یاسا وەک پرەنسیپێکی گشتگیر دەناسێنێت کە "هەمو کردارێک ڕاست دەبێت ئەگەر بتوانێت وەک یاسایەکی گشتگیر هەمەلایەنە جێبەجێ بکرێت .(Kant, 1785, 421) "ئەم پێناسەیە دو جۆری یاسا لە خۆ دەگرێت کە پێکەوە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئاکاری مرۆڤ دیاری دەکەن. یاسای ئاکاری لە ڕوانگەی کانتەوە ئەو پرەنسیپە گەردونییانەن کە بە عەقڵی پراکتیکی دەستنیشان دەکرێن و لە سروشتی مرۆڤدا ڕەگیان هەیە. لە "ڕەخنەی عەقڵی پراکتیکی"دا کانت ڕونی دەکاتەوە کە "یاسای ئاکاری ئەو فەرمانەیە کە ئیرادە بەپێی ئەو لە هەمو حاڵەتێکدا مامەڵە دەکات .(Kant, 1788, 30) "ئەم یاسایانە پێشین و ژیرن، مرۆڤ خۆی سروشتیانە هەڵگریانە و لە دەرەوە بەسەریدا سەپێنراو نین. بۆ نمونە، یاسای ڕاستگۆیی یان یارمەتیدان کە ئەگەر گشتگیر بکرێن کۆمەڵگا باشتر دەبێت، چونکە لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ و کەرامەتی ئەودا دەگونجێت.

لەلایەکی ترەوە، یاسای ئەرێنی ئەو یاسا دانراوانەن کە مرۆڤ و دەوڵەت دایاندەنێن بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە. کانت لە "میتافیزیکی ئاکار"دا جەخت لەوە دەکاتەوە کە "یاسای ئەرێنی دەبێت ڕەنگدانەوەی یاسای ئاکاری بێت (Kant, " .(1797, 230ئەمە واتا یاسا دانراوەکان دەبێت لەگەڵ یاسا ئاکارییەکان بگونجێن و لەسەر بنەمای عەقڵانیەت و کەرامەتی مرۆڤ دامەزراو بن. کاتێک یاسایەکی دانراو لەگەڵ یاسای ئاکاری ناگونجێت، کانت پێیوایە یەکەمێتی بۆ یاسای ئاکارییەکانە. پەیوەندی نێوان ئەم دو جۆرە یاسایە لە چەمکی "ئیمپەراتیڤی پۆلێنی"دا ڕون دەبێتەوە. کانت لە کتێبی یەکەمدا دەڵێت: "بەجۆرێک مامەڵە بکە کە ئەو یاسایەی ئیرادەت لەسەری وەستاوە وەک یاسایەکی گشتی سروشت ڕەوا بێت .(Kant, 1785, 421) "ئەم فۆرمولەیە نیشان دەدات کە یاسا لە ڕوانگەی کانتەوە تەنها ڕێسایەکی دەرەکی نییە، بەڵکو پرەنسیپێکی ناوەکییە کە مرۆڤ بە ئیرادەی ئازادی خۆی پابەندی دەبێت. یاسا لەلای کانت ڕۆڵێکی دوگانەی هەیە لە پاراستن و ڕێکخستنی ئازادیدا. لە "ئاشتی هەمیشەیی"دا کانت ڕونی دەکاتەوە کە "ئازادی یەک کەس لەو خاڵەدا کۆتایی دێت کە ئازادی کەسێکی تر دەست پێدەکات .(Kant, 1795, 349) "بۆیە یاسا نەک سنوردارکەری ئازادییە، بەڵکو زامن و پارێزەری ئازادییە بە دامەزراندنی چوارچێوەیەک کە تێیدا ئازادی هەمو کەسێک ڕێزگیراو بێت.

لە کۆتاییدا، یاسا لە ڕوانگەی کانتەوە بریتییە لە کۆی ئەو پرەنسیپانەی کە ئازادی هەر کەسێک لەگەڵ ئازادی ئەوانی تر بەگوێرەی یاسایەکی گشتگیر بگونجێت. ئەم تێگەیشتنە یاسا بە ئامرازێک دەکات بۆ گەیشتن بە پێکەوەژیانی ئاکاری لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و عەقڵانیدا، کە تێیدا کەرامەت و ئازادی مرۆڤ پارێزراو بێت.

# 2- پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا (ڕوانگەی کانت).

## 1-2- ئازادی و یاسا:

ئازادی و یاسا دو لایەنی تەواو پێویستن لە تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن، دەتوانرێت ئازادی وەک مافێکی سروشتی سەیر بکرێت، بەڵام لە چوارچێوەیەکی یاساییدا ببێتە مەرج بۆ گەرەنتی پێشێلنەکردنی مافەکانی ئەوانی دیکە، لەڕێگەیشیەوە نەزمی کۆمەڵایەتی پارێزراوبێت. پەیوەندی ناوەکی و جەوهەری نێوانیان دەبێتە هۆی ئەوەی سیستەمی سیاسی و

مافەکانی تاک مرۆڤ دۆستانەبێت. پەیوەندی نێوان ئازادی و یاساش پەیوەندییەکی ڕیشەدارە مێژویەکی درێژی هەیە. دەکرێ بەشێوەیەکی کورت لەسەردەمە جیاوازەکاندا باسی ئەم پەیوەندییە بکەین.

سەرەتایی پەیوەندی نێوان ئازادی و یاساش بۆ فەلسەفەی کلاسیکی گریگ دەگەڕێتەوە، ئەرستۆ بە یەکەم کەس دادەنرێت، ئاماژەی بە پەیوەندیی نێوان ئازادی و یاسا کردبێت، بەوپێیەی باسی لەوە کردەوە لە سیاسەتدا ئازادی ناکرێت ڕەها بێت، بەڵکو دەیبەستێتەوە بە یاساوە.لەم بارەیەوە ئەرستۆ لە کتێبی "سیاسەت"دا جەختی لەوە کردوەتەوە کە ئازادی لەوەدایە تاک بتوانێت بەپێی ویستی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا مامەڵە بکات، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دادپەروەرییەی کە یاسا دیاریی دەکات. ئەو پێیوابو ژیانێکی سیاسی هاوئاهەنگ تەنها لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەوە بنیات دەنرێ کە مافی تاکەکان بپارێزن و دادپەروەری لە نێوان هاوڵاتیاندا مسۆگەر بکەن. (E BC160 Aristotle350). بەڵام لە سەردەمی ڕۆشنگەری پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا بە شێوەیەکی بەرچاو باسی لێوە دەکرێت، بە جۆرێک هەردەم ئازادی و یاسا پێکەوە گرێدەدەن، بونی یاساکان بە پێویست و گرینگ دەزانن بۆ پاراستنی ماف و ئازادی تاکەکان، هەروەها بۆ سنوردارکردنی ئازادیش لە پێناو ئەوەی نەبێتە ئازادییەکی ڕەهای بێ کۆت و بەند لە ئەنجامیشدا ئازادی لە بەینبچێ و ببێتە ویستێکی ڕەها و کوێر بەرژەوەندی و مافی ئەوانی تر لە بەرچاو نەگیرێت. لەم بارەیەشەوە فەیلەسوفانی وەک( لۆک، هۆبز، ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر، مۆنتیسکۆ) ...هتد. هەریەکەیان بەجۆرێک و جیاواز لەوی تر باسی گرینگی و بایەخی پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا دەکەنەوە بەڵام هەمویان کۆکن لەسەر گرنگی ئەم پەیوەندییە، بۆ ئەوەی باسەکەشمان دور و درێژ نەبێت تەنیا باسی ڕای لۆک دەکەین لەم بارە وەک نمونە بۆ باسکردنی پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا. جۆن لۆک ئاماژە بەوە دەکات تاک لە کاتی نەبونی حکومەتدا یان دۆخی سروشتیدا کە هێشتا حکومەت و دەوڵەت بونی نییە، ئازادی سروشتی هەیە، بەڵام لە وەرچەرخانی ژیان لە دۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی دەوڵەت و کۆمەڵگەی سیاسی، یاسا دەبێتە ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی ئازادیی و دڵنیابون لەوەی خراپ بەکارنەهێنرێت. لۆک پێی وابو ئازادی لە ڕێگەی پێکهێنانی حکومەتێکی کۆدەنگییەوە( دیموکراسی) بەدەست دێت کە تێیدا مافە سەرەتاییەکانی تاکەکان پارێزراوبێت، لەوانەش ئازادی ڕادەربڕین و خاوەنداریێتی تایبەت. (1689 Locke:110). بەمشێوەیەش بونی یاساکان پڕ بایەخن لەبۆ دابینکردنی ئازادی و مافی تاکەکان، هەروەها سنوردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت تا نەبێتە دەسەڵاتێکی ڕەها، ماف و ئازادی تاکەکان کۆت بەند بکات.

لە سەردەمی مۆدێرندا بەجۆرێک ئازادی پەرەی سەندوە، تا ئاستی ئەوەی بو بە بەشێک لە مافی مرۆڤ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پەسەندکرا، وەک بنەمایەک بۆ بەرجەستەکردنی پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بو. بڕگەکانی جەختیان لەسەر پێویستی پاراستنی مافە سەرەتاییەکانی تاکەکان وەک: ئازادی کەسی، ئازادی بیرکردنەوە،ئازادی ڕادەربڕین، مافی هەمو کەسێک بۆ دادگاییکردنی دادپەروەرانە کردەوە. ئەم جاڕنامەیە بوە هۆی بیرۆکەی ئەوەی ئازادی دەبێت لە ڕوی یاساییەوە لە هەردو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا مسۆگەر بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی سنور دارانە تا ڕێز لە ئازادی ئەوانی دیکە بگیرێت و مافیان مسۆگەر بکرێت. (UN, 1948, 59).

لە سەدەی بیستەمیشدا پیوەندی نێوان ئازادی و یاسا گرێنگی و بایەخی زۆری هەیە. ڕۆناڵد دیوارکین (رونالد دیواركن)، باس لە گرینگی پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا دەکاتن، مانایەکی نوێی بە چەمکی ئازادی لە چوارچێوەی یاسادا دەدات. دیوارکین پێیوابو ئازادی بەو مانایەیە یاسا مافی تاکەکان زامن بکات بەبێ ئەوەی سنوردارکردنی نارەوا بەسەر ئازادییە کەسییەکاندا بهێنرێت. هەروەها دیوارکین دەڵێت: ئازادی یاسایی دەبێت ڕێز لە مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان بگرێت وەک دادپەروەری و یەکسانی. هەر دەستوەردانێکی یاسایی لە ئازادیدا دەبێت گونجاو و پێویست بێت ئەگەر بەرژەوەندی گشتی یان مافی کەسانی دیکە بپارێزێت. (Dworkin,2011, 115,).

پەمشێوەیە لەم چوارچێوەیەدا یاساکان بە ئامرازێک دادەنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئازادیی ڕەها و پاراستنیان لە بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەی ڕەنگە لەلایەن دەوڵەتان یان ڕژێمە سیاسییەکانەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نمونە پەیماننامەکانی جنێڤ و یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ، ئەشکەنجە، هەڵاواردن قەدەغەدەکەن، مافی ژیانی تاکەکان بە ئاسایش و کەرامەتی مرۆڤ دەپارێزن.هەروەها لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا لە ڕێگەی یاسایەوە ماف و ئەرکەکانی نێوان تاکەکان دیاری دەکرێت و لە ڕێگەی یاساوە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەپارێزێت. لەم سیستەمانەدا تاکەکان ڕێگەیان پێدەدرێت چێژ لە ئازادییە شەخسییەکانی خۆیان وەربگرن بە مەرجێک لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی یان مافی کەسانی دیکەدا ناکۆکی نەبن. بۆ نمونە ئازادی ڕادەربڕین لە وڵاتانی دیموکراسیدا بە یاسا بەرێوەدەچێت، دڵنیایی دەدات لەوەی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە یان هاندانی توندوتیژی بەکارنەهێنرێت. لەم سیستەمەدا یاسا بە ئامرازێک دادەنرێت بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەنگی نێوان مافەکانی تاک و پاراستنی نەزمی گشتی.( Rawls,1999, 225). ئەمەش گرنگی یاسایە لە دابینکردنی ئازادی و مافە کەسییەکان، دەکرێت لە چوارچێوەی یاساکاندا ئازادی پارێزراوبێت، ڕێگری بکرێت لە نا دادی و ستەمکاری و نەمانی ئازادی.

## 2-2- تێڕوانینی کانت لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا:

پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا مەرجێکی پێویستە بۆ هاوسەنگیی نێوان مافی تاک و بەرژەوەندی گشتی. وەک چۆن باسمان لەوە کرد لە سیستەمی دیموکراسیدا یاسا بە گەورەترین پارێزەری ئازادی دادەنرێت، بەپێی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی ئازادیی ڕێکدەخات. لە کاتێکدا ئازادی بەبێ یاسا ڕەنگە ئاژاوەگێڕانە بێت، بەڵام دەکرێت یاساکانیش دادپەروەری بەدینەهێنن ئەگەر بێتو ڕێگاخۆشکەر نەبن لە پێشخستنی ئازادیدا.

پەیوەندی نێوان ئازادی و یاساش بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان دادەنرێت لە فەلسەفەی کانت دا.هەرچەندە ڕەنگە وا گریمانە بکرێت ئازادی لەگەڵ پابەندبون بە یاساکاندا نەگونجێت. ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە چۆن باس لە ئازادی بکەین و لە هەمانکاتیشدا سنورداركردنی بە یاساکان؟ بەڵام کانت لە فەلسەفەی ئاکار و سیاسیدا بەشێوەیەکی گرێنگ باس لەم پەیوەندیە دەکات، پێیوایە ئازادی و یاسا دژ بەیەک نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. ئازادی بە مانای ئاژاوەگێڕی یان ئازادی ڕەها نییە، بەڵکو بە مانای پابەندبونە بەو یاسایە عەقڵانی و ئاکاریانەی، گوزارشت لە ئیرادەی ئازادی مرۆڤ دەکەن. بۆیە یاسا زامنی مومارەسەی ئازادییە بە شێوەیەکی عەقڵانی و ئاکاری. ئەمەش واتا پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا پەیوەندییەکی دژبەیەک نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی تەواوکەرییە. یاسا ئازادی ڕێکدەخات و چوارچێوەیەکی پێدەبەخشێت بە جۆرێک بتوانرێت پراکتیک بکرێت بەبێ ئەوەی ببێتە ئاژاوەگێڕی یان پێشێلکردنی مافی کەسانی دیکە. لەلایەکی کانت جەخت لەوە دەکاتەوە ک ئازادی ڕاستەقینە توانای مامەڵەکردنە بەپێی ئەو یاسایانەی لە ڕێی عەقڵەوە دامەزراون. ئەو جۆرە ئازادییەش بە ئازادی ئەرێنی ناودەبات، کە ئیرادە لەسەر بنەمای ئارەزوی کەسی جێبەجێ نەکرێت، بەڵکو بەپێی یاسا ئاکارییەکان جێبەجێبکرێت بەمەش دەتوانرێت بۆ هەموان گشتگیر بکرێت. یاسای ئاکاری لە فەلسەفەی کانتدا لە شێوەی ئیمپەراتیڤی پۆلێنیدا بەرجەستە بوە: "بەجۆرێک مامەڵە بکە کە ئەو یاسایەی ئیرادەت لەسەری وەستاوە وەک یاسایەکی گشتی ڕەوا بێت. (Kant1785, 125,).ئەمەش بەو مانایەیە ئازادی تەنها نەبونی سنورداركردنی دەرەکی نییە، بەڵکو ملکەچبونە بۆ یاسا ئاکارییەکان کە بە عەقڵ دیاریکراون. بەم شێوەیە ئیرادەی ئازاد تەنها بەگوێرەی یاسایی ئاکاری سنوردار دەبێت، دڵنیادەبینەوە لەوەی کردارەکانی مرۆڤ بەرپرسیارانە و ئاراستەیان بەرەو چاکەی گشتییە.

جگە لە یاسای ئاکاری، کانت ئاماژە بە گرنگی یاسای ئەرێنی دەکات بۆ گەیشتن بە ئازادیی ڕێکخراو و مرۆڤ دۆستانە. پێیوایە ئازادی تاک دەبێت لە چوارچێوەیەکدا پراکتیک بکرێت تێدا ڕێز لە ئازادییەکانی ئەوانی تر بگرێت. لێرەشدا ڕۆڵی یاسای ئەرێنی دێتە ئاراوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کارلێکەکانی نێوان تاکەکان و دەستەبەرکردنی دادپەروەری و یەکسانی.

کانت لە کتێبی بناغەدانای میتافیزیکی ئاکاردا ڕونی دەکاتەوە یاسا ئەرێنییەکان دەبێ ڕەنگدانەوەی یاسا ئاکارییەکان بن، واتا ئەو یاسایانەی مرۆڤ دایان دەنێت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، دەبێت لەگەڵ ئەو یاسایانەی خۆی هەڵگریانە تابا و هاوئاهەنگ بن مەبەستی ئەوەی سنورێک بۆ ئازادی تاکەکان دابنێن و دڵنیابون لەوەی کە مافی ئەوانی دیکە پێشێل نەکرێن (Kant1797, 35). بەڵام ئەگەر یاساکان پێچەوانەی یاسا ئاکارییەکان بون ئەوا شتێک نامێنێ بەناوی ئازادی. لێرەوە کانتش باس لە گرینگی و پەیوەندی دولایەنەی ئازادی و یاسا دەکاتەوە، پێیوایە یاسا کۆت و بەندکردنی ئازادی نییە، بەڵکو گەرەنتی و دابینکردنی ئازادییە. چونکە ئازادی ڕەها دەبێتە هۆی ئاژاوە و خراپ بەکارهێنانی ئازادی، لە کاتێکدا ئازادی ڕێکخراو بە یاسا هاوسەنگی لە نێوان ماف و ئازادی تاکەکاندا بەدەست دەهێنێت. لەم چوارچێوەیەدا کانت پێیوایە "ئازادی لەو شوێنە کۆتایی دێت کە ئازادی ئەویتر دەست پێدەکات"، ئەمەش وا دەکات یاسا پێویست بێت بۆ دیاریکردن سنوری ئازادی و ئازادیش پێویست بۆ دەرچون لە ستەمکاری لەبەرئەوەی ئازادی بەبێ یاسا دەبێتە هۆی ئاژاوەگێڕی، یاساش بەبێ ئازادی دەبێتە هۆی ستەمکاری. بۆیە کانت جەخت لەسەر گرنگی یەکگرتنیان دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە نەزمی ئاکاری و کۆمەڵایەتی. بە بڕوایی کانت مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە بە پێی ئەو یاسایانەی کە عەقڵی خۆی دامەزراندوە مامەڵە دەکات نەک بەپێی ئارەزوی ویستەکانی یان عەقڵی ئەوانتر، مرۆڤی یانی دەبێت مرۆڤ ئازادانە بڕیار بدات و شتەکان هەڵبژێرێ، مرۆڤی نا ئازادیش ئەو کەسەیە کە عەقڵی خۆی بەکارناهێنێ و ئەوانی تر لە جیاتی ئەو بیردەکەنەوە و فرمان دەدەن. لەم چوارچێوەیەدا یاسای ئاکاری و ئەرێنی چوارچێوەیەک پێکدەهێنن کە پراکتیککردنی ئازادی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ڕێکوپێک مسۆگەر دەکات. دەکرێت بڵێین پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا تیشک دەخاتە سەر فەلسەفەیەکی یەکگرتو. ئەوەمان بۆ دیار دەخات دەدات ئازادی تەنها مافێکی سروشتی نییە، بەڵکو ئەرکێکی ئاکارییە کە لە چوارچێوەیەکی عەقڵانی و ڕێکخراودا پراکتیزە دەکرێت. جا یاسا چ ئاکاری بێت یان ئەرێنی، بە مەرجێک دادەنرێت بۆ گەیشتن بە ئازادی ڕاستەقینە کە ڕێز لە مافی ئەوانی تر بگرێت و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا مسۆگەر بکات. لێرەوە کانت بە شێوەیەکی ئایدیاڵ باسی پەیوەندی نێوان ئازادی و یاسا دەکات کە پێکەوە بنەمای کەرامەتی مرۆڤ پێکدەهێنن.

**3- ڕۆڵی ویژدان لە دانانی یاساکان لە فەلسەفەی کانتدا.**

**3-1- ویژدان و دانانی یاساکان:**

بێگومان یاساکان ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ و تاک هەیە. کۆمەڵگایی بێ یاسا دەبێتە کۆمەڵگایەکی شێواو نا ڕێکخراو. ویژدانیش ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە دانانی یاساکاندا بەو پێیەی ویژدان ئەو چوارچێوە ئاکارییە پێکدەهێنێت کە سیستەمی یاسایی لە هەر کۆمەڵگایەکدا لەسەری بنیات نراوە. یاساکان تەنیا دەقی نوسراو نین، بۆ دارشتی ژیانی تاکەکان دانرابن، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو بەها و بنەما ئاکارییانەن کە ویژدانی کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتون. ئەم ویژدانی بەکۆمەڵە لە کولتور و ئەزمونە هاوبەشەکانی کۆمەڵگاکانەوە سەرچاوە دەگرێت، یاسادانەران ڕێنمایی دەکات بەرەو دارشتنی یاسایانێک دادپەروەرانە بێت و ڕێز لە مافی تاکەکان بگرێت. بۆ نمونە: هارت، ڕونی دەکاتەوە یاسا کاریگەرەکان ئەوانەن بە ڕونی ڕەنگدانەوەی ئەو پێوەرە ئاکارییەکانەن، ڕەگیان لە کۆمەڵگادا هەیە. بەمشێوەیە ئەم ڕۆڵە(ڕۆڵی ویژدان لە یاسادانانداا) مێژویەکی دور و درێژی هەیە. تەنیا پرسێکی هەنوکەیی و مۆدێرنییە، لە سەردەمی کەوناراش قسە لەم باسە کراوە. لە کۆندا زۆرجار ویژدان تێکەڵ بە مانا و هەستی ئایینی کراوە، لە کۆمەڵگەی یۆنانی و ڕۆمانیدا یاساکان بە درێژکراوەی ئیرادەی خودایی دادەنران، ویژدانی تاک ئامرازێک بو بۆ تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئەو ئیرادەیە. بۆ نمونە ئەرستۆ ئاماژەی بەوەدا کە یاساکان دەبێ ڕەنگدانەوەی فەزیلەت بن، ویژدان بکاتە بنەمای ئەو ئاکاریەی کە یاسا بنیات دەنێت. (هارت 1961، 72)

بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم چەمکە تەواوێک بەرەو مانا و تێگەیشتنی دینی وەردەچەرخێ و دەبێتە چەمکێکی ئاینی. بە جۆرێک دامەزراوە ئاینییەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبو لە دانانی یاساکاندا، بەو پێیەی ویژدان وەک دەنگێکی خودایی سەیر دەکرا کە تاک و کۆمەڵگەکان بەرەو چاکە ڕێنمایی دەکرد، بەڵام لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا ڕۆڵی ویژدان لە دارشتنی یاساکاندا گۆڕانی بەسەردادێت، لە تانوپۆی ئاینی دەتەکێنرێت، چیتر وەک ئیرادەی خودا لێکنادرێتەوە، مانا و تێگەیشتنێکی عەقڵانی پێدەرێت وەک چۆن کانت پێمان دەڵێت ویژدان دەربڕینی ئیرادەی ئازادە کە بە عەقڵی پراکتیکی بەرێوەدەچێت. (kant,1788, 94). بەمشێوەوە لە سەردەمی مۆدێرندا پەیوەندی نێوان ویژدان و یاسا پەیوەندییەکی توند و تۆڵە. پەیوەستە بە بەها دیموکراسیەکان و مافەکانی مرۆڤ. وەک چۆن لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا ویژدانی بەکۆمەڵ ئامرازێکی جەوهەرییە بۆ دارشتنی یاساگەلێک، کە ڕەنگدانەوەی خواستی هاوڵاتیان بێت و لەسەر بنەمایی یەکسانی و دادپەروری دامەزرابێت.لە ئەمریکا دەستور نمونەی ئەوەیە، چۆن ویژدانی بەکۆمەڵ لە چوارچێوەی یاساییدا تێکەڵ بکرێت. یاساکانی وەک یاسای مافە مەدەنییەکانی ساڵی ١٩٦٤ ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی ویژدانێکی بەکۆمەڵن لە ڕەتکردنەوەی جیاکاری ڕەگەزی و پێشخستنی یەکسانی. (Dworkin,1986, 140). بە هەمان شێوە لە ئەوروپا یاساکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی کاریگەری ویژدانی بەکۆمەڵن، کە لە ژێر کاریگەری بەها مێژوویی و کولتورییەکاندایە.

لەسەر ئاستی تاکەکەسیش ویژدان خاڵێکی جەوهەرییە لە پرۆسەی دانانی یاسا و بڕیاری یاساییدا. کاتێک یاسادانەران یاسا دادەنێن، ویژدانی تاکەکەسیان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە ئاراستەکردنی بڕیارەکان بەرەو چاکەی گشتی. بەڵام ئەمەش پێویستی توانای تێپەڕاندنی بەرژەوەندی خۆ هەیە. بە تێڕوانینی فۆلەر، یاسادانەر کاتێ بە ویژدان مامەڵەدەکات، دڵنیادەبێتەوە لەوەی یاساکان دەربڕینی بنەما ئاکارییە گشتگیرەکانن. هەروەها ویژدانی تاک لە جێبەجێکردنی یاساکاندا دەردەکەوێت. بۆ نمونە دادوەر و پارێزەران پشت بە ویژدانی خۆیان دەبەستن بۆ لێکدانەوەی یاساکان بە شێوەیەک کە دادپەروەری بەدەست بهێنن. بەتایبەتی کاتێک ڕوبەڕوی بابەتگەلێک دەبنەوە پەیوەندی بە ململانێی ئاکاریەوە هەیە، وەک: مافی لەباربردن یان سزای لەسێدارەدان، لێرەدا ویژدان دەبێتە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بۆ بڕیاردان. (فۆلەر1964، 33)

سەرەڕای گرنگی ویژدان، لە پرۆسەی یاسادانانندا بەڵام هەندێک جار بەربەست دروست دەبێت لەبەردەم پەیوەندی ویژدان و یاسادا. یەکێک لە دیارترین ئەو بەربەستانە، فرەیی بەها ئاکارییەکانە، لە کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشنی کولتوری و ئاینیدا، چەمکی ویژدان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە جیاوازە. ئەم هەمەچەشنییە ڕەنگە ببێتە هۆی ناکۆکی لە دارشتنی یاساکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و پاراستنی مافی تاکەکانی هەمو گروپە جیاوازەکان. (Foler,1964, 38). جگە لەوە لەلایەنێکی تریش بەربەست دروست دەبێت لەبەردەم پرۆسەی یاسادانان پێوەند بە ویژدانەوە ئەمەش کاتێ پرۆسەی یاسادانان ملکەچی فشارە سیاسی و ئابورییەکان بێت، لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتدا یاسادانەران ویژدانیان پشتگوێ بخەن لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی یان ئابوری، ئەمەش وادەکات ویژدان ڕۆڵێکی نەیێت لە دانانی یاساکاندا، لە ئەنجامیشدا یاسای نادادپەروەرانە. ئەمەش واتا هەرچەندە ویژدان گرنگە، بەڵام هەندێکجار بەرژەوەندی سیاسی دەتوانێت ببێتە هۆی پشتگوێخستنی.بۆ نمونە لە وانێیە لە هەندێک حاڵەتدا یاساگەلێک دەردەبچن،لە بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراوبن، لە سەر حیسابی بەرژەوەندی گروپێکی تر. وە ئەم یاسایەش بە دادپەروەری دابنرێ. یانی لە نەبونی ویژدان و کاریگەری فشارە سیاسییەکان دەکرێت نادادپەروەری بە یاسا بکرێ و مافی ئەوانی تر ڕەچاو نەکرێت.

**2-3- ڕۆڵی ویژدان لە دانانی یاساکان لە فەلسەفەی کانتدا:**

وەک لەسەرەوە ڕونمان کردەوە ویژدان ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە دانانی یاساکان بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانە. ویژدان، لە فەلسەفەی کانتیشدا، ئەو بناغە ئاکارییە گرینگەیە، پەیوەندی نێوان یاساکانی مرۆڤ و یاسا گەردونییەکان بەهێز

دەکات. ئەم ڕۆڵە بە تایبەتی لە پەیوەندی نێوان ئازادی تاک و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، بەو پێیەی کانت باس لەوە دەکاتەوە یاساکان دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو بنەما ئاکارییانە بن کە مرۆڤ لە ڕێگەی ویژدان و عەقڵی کردارییەوە درکی پێدەکات.
کانت ویژدان بە "دادگای خودی و ناخەکی " وەسف دەکات. کە بەندە بە پێوەری ئاکار. ئەم دادگا خودییەش بریار لەسەر کردەوەکانی مرۆڤ دەدات.ئەم حوکمە سوبژێکتیڤە بەند نییە بە ترس لە سزای دەرەکی، بەڵکو بەندە بە ڕێزگرتن لە ئەرکی ئاکاری. کانت پێیوایە ئەم دادگا ناوخۆییە بۆ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت یاسای دادپەروەرانە دابڕێژێت کە لەگەڵ کەرامەت و ئازادی مرۆڤدا بگونجێت. بەمپێیە ئەو یاسا ئەرێنییانەی ویژدان پشتگوێ دەخەن، بە کەم و کوڕی دادەنرێت، چونکە بنەمایەکی ئاکارییان نییە. (Kant,1788, 112). لەم ڕوانگەیە تەنها دادگایی یاسایمان نییە، بەڵکو دادگایی خودی و کەسیشمان هەیە کە ویژدانە، لێشدا تەنیا داگاکان بەسنین بۆ ڕێکخستنی ژیان و کۆمەڵگە، دادگایی خودیش ڕۆڵێکی دیار دەگێرێ لەوەی تاک ڕەفتار و کردەوەکانی خۆی وا دارێژێ نەبنە هۆی لەباربردنی ئازادی و مافی ئەوانی تر. ئەمەش یانی مرۆڤ دادگایی لەنێو خۆیدا هەمیشە بەر لە ئەنجامدانی کارێک دادگایی خۆی بکات بەمەبەستی ئەوەی کردارەکانی نەبنە تێکدانی ژیانی ئەوانی تر.
بە بڕوای کانت، ویژدان ئەو هێزەیە، وا لە تاک دەکات درک بەو پرەنسیپە بکات و جێبەجێی بکات. بۆ نمونە ئەگەر درۆکردن یاسایەکی قبوڵکراو بوایە بۆ تاکێک، ویژدان پێیدەگوت کە گشتاندنی ئەم یاسایە دەبێتە هۆی تێکچونی متمانە لە نێوان مرۆڤەکاندا و هەربۆیە یاساکانی ڕێگەدان بە درۆکردن نائاکاری دەبن. (Kant,1785,48)هەرچەندە یاسا ئەرێنییەکان ئامانجیان گەیشتن بە نەزمی کۆمەڵایەتییە، بەڵام کانت پێیوایە ڕۆڵی ویژدان دڵنیابونە لەوەی ئەم یاسایانە لەسەر بنەمای ئاکاری دامەزراون. ئەو یاسایانەی بەبێ ڕێزگرتن لە بەها ئاکارییەکان بە هێز دەسەپێنرێن، بە ستەمکاری دادەنرێت. ویژدان، لەم چوارچێوەیەدا، وەک میکانیزمێکی ناوخۆیی کار دەکات، یاسادانەر پابەند دەکات بە دانانی یاسایەک ماف و ئازادییەکانی تاکەکان لەبەرچاو بگرێت، بەلام کاتێك یاسادانەران ویژدان پشتگوێ دەخەن، مەترسی لەدەستدانی شەرعیەتی ئاکاری یاساکانیان هەیە. (Kant,1797, 164).
وەک ئەوەی باسمان کرد لە فەلسەفەی کانتدا ئازادی ئەو ئازادییە نییە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی مامەڵە بکەی، بەڵکو ئازادی پابەندبونە بە یاسا ئاکارییەکان. ئەو یاسایانەش پەیوەندیەکی پتویان بە ویژدانەوە هەیە بەجۆرێک مرۆڤ بۆ ئەنجام دانی کارێک یا بڕیاردان لەسەر کردارێک دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسا ئاکاریانە ئەمەش ویژدان دەکاتە زامنی ئازادی مرۆڤ. ئەو یاسایانەی بە زەبری هێز بەبێ بونی ویژدان سەپێنراون، بە پێشێلکردنی ئازادی ڕاستەقینە دادەنرێت. بە پێچەوانەوە، ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ ویژداندا یەکدەگرنەوە، هەستی بەرپرسیارێتی تاک بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەرز دەکەنەوەز (Rawls,1971, 325). ئەمەش گرینگی ویژدان دەردەخات لە دارشتنی یاساکاندا لەبەرئەوەی ویژدان ئامانجی ئاکاری یاساکان دیاری دەکات کە ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتی وەک ئامانجێک لە خۆیدا. ئەو یاسایانەی لەسەر بنەمای ئەم بنەمایە دارێژراون نەک تەنها دادپەروەری بەدەست دەهێنن، بەڵکو بەشدارن لە بەرەوپێشبردنی لێکتێگەیشتن و ئاشتی لە نێوان تاکەکاندا. ویژدان، لەم چوارچێوەیەدا، بە جەوهەری نێوان یاسای ئەرێنی و بەها ئاکارییە باڵاکان دادەنرێت. (Kant,1788, 112).
ئەم گرینگی دانەش بە ئاکار و ویژدان لە دانانی یاساکاندا وای کردوە فەلسەفەی کانت وەک بنەمایەک بۆ زۆرێک لەو ڕێکخراوەکانەی پشت بە ویژدان دەبەستن بۆ بەرەنگاربونەوەی یاسا ناڕەواکان. بۆ نمونە ڕێکخراوە دژە ڕەگەزییەکان لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کانت دامەزراون، یاساکان دەبێ یەکسانی و کەرامەت بەرەو پێش ببەن. هەروەها، داڕشتنی یاسا نێودەوڵەتییەکان، وەک ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤ، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ویژدانێکی گشتگیر دەتوانێت

ئیلهامبەخش بێت بۆ دروســتکردنی ئەو یاســایانەی ســنورە کولتوری و جوگرافییەکان تێدەپەڕێنن. ( ,1996, Habermas203).

سەرەڕای کاریگەری فەلسەفەی کانت، بەڵام بەکارهێنانی لە چوارچێوەی مۆدێرن ڕوبەڕوی ئاستەنگ دەبێتەوە. یاساکان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا هەندێک جار بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە تەسکەکانی ئابوری یان سیاسی داڕێژراون. لەم حاڵەتانەدا ویژدانی مرۆڤ ڕوبەڕوی دوریان دەبێتەوە کە بەرەنگاربونەوەی یاســا ناڕەواکان و بەرگریکردن لە بەها ئاکارییەکان. ئەمەش وا دەکات بیرۆکەی ویژدانی کانت زۆر پەیوەندی بە مشــتومڕەکانی ئێســتاوە هەبێت ســەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ. (Dworkin,1986, 245).

لە کۆتاییدا ڕۆڵی ویژدان لە دانانی یاســادا، بە بڕوای کانت، لەوە زیاترە کە ڕێبەرێکی ئاکاری تاکەکەسی بێت و ببێتە بنەمایەکی ئاکاری گشتگیر بۆ داڕشتنی یاساکان. ئەو یاسایانەی لەسەر بنەمای ویژدان دامەزراون، ئازادی و دادپەروەری بەرەوپێش دەبەن، لە کاتێکدا ئەو یاسایانەی کە پشتگوێی دەخەن، بە ستەمکاری و ناشەرعی دادەنرێت. ئەم چەمکە لە مشــتومڕەکانی مۆدێرن ســەبارەت بە مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەمەش وایکردوە فەلسەفەی ویژدان و یاسا لەلایەن کانتەوە ببێتە چوارچێوەیەکی حەتمی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئاکار و یاسا.

### 4- ئەرکی یاسایی و ئەرکی ئاکاری:

ئەرکی یاسایی ئەو ئەرکەیە لە ئاکامی جێبەجێکردنی یاسا دانراوەکان دێتەکایەوە. ئەرکە لەسەر مرۆڤ ڕەچاوی یاساکان بکات و جێبجێیان بکات. نەک لە ئەنجامی سود و قازانجی خۆیەوە چاویان لێبکات. ئەرکی یاسایی سروشتێکی دەرەکی و واجبیانەی هەیە مرۆڤ لە دەرەوەی خۆی چێیان دەکات، بەواتایەکی تر ئەو یاسایانەی لەلایەن یاسادانەراوە دادەنرێن بە ئامانجی ڕێکخســتنی پەیوەندییەکان و دەســتەبەرکردنی نەزمی کۆمەڵایەتی، ئەرکە مرۆڤ جێبەجێیان بکات، بەمەش دەوترێ ئەرکی یاسای.

وەک یاساکانی هاتوچۆ یان یاساکانی قەدەغەکردنی کوشتن و دزی...هتد. ئەمانە ئەرکی یاساییِن کە بە ڕێگەی یاسایی ســەپێنراون بۆ دڵنیابون لە پابەندبونیان لەلایەن تاکەکانەوە. بەڵام ئەگەر ئەم یاســایانە پێشــێل بکرێن، ئەوا مرۆڤ دەچێتە دەرەوەی ئەرکی یاسایی. لەسەر ئەمەش سزا وەردەگرێت. بۆ ئامانجی پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتی. ئەرکی یاسایی تەنیا لە جێبەجێکردنی ڕێساکانی ڕێکاردا سنوردار نییە، بەڵکو ڕێسا ڕێکخراوەییەکانیش دەگرێتەوە کە مافە سەرەتاییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. (Hart,1961, 27). لەم ڕوانگەیەوە یاســاکان ئامرازی ســەرەکین بۆ دەســتەبەرکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان.

بەڵام وەک پێشتر باسمانکرد لە ڕوانگەی کانت، یاساکان دەبێ سەربەخۆ و دور بن لە هەر بەرژەوەندییەکی تاکەکەسی یان گروپی. هەروەها ئەم یاســـایانە دەبێت لەگەڵ بنەما ئاکارییە باڵاکاندا بگونجێت، تاکەکان بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان، لەسەر بنەمایی یاسا ئاکارییەکانل ڕێز لە مافەکانی یەکتر بگرن. (Rawls,1971, 319). لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر یاســـاکان لەگەڵ پرەنســـیپە ئاکارییەکان ناکۆک بن، ئەوا ئەرکی یاســـایی زیان بە تاک و نەزمی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، بۆیە هەردەم پێوستە یاساکان پابەندی یاسا ئاکاری بێتدەبێت لە پێشینە بێت.

بە پێچەوانەی ئەرکی یاســـایی، ئەرکی ئاکاری لە ناخی مرۆڤ و بنەما ئاکارییەکانەوە ســـەرچاوە دەگرێت، کە ڕەفتاری تاکەکان بەرەو بەها بەرزەکانی مرۆڤ ڕێنمایی دەکەن. پرەنســـیپی ئاکاری لە دەرەوەی تاکەوە نایەت، بەڵکو پرەنســـیپی عەقڵی و فیکرییە مرۆڤ لە بڕیارەکانیدا ڕێنمایی دەکات. لەم شــێوە ئەرکەدا مرۆڤ پشــت بەســتو بە ویژدان و یاســا ئاکارییەکان، بڕیار دەربارەی شتەکان دەدات. کارێک ئەگەر لەگەڵ یاسا ئاکارییەکان تەبابێ ئەوا لەسەر مرۆڤ ئەرکە جێی بەجێی بکات، بەڵام ئەگەر خۆی لێببوێرێ ئەوا دەبێتە کارێکی نائاکاری. بەڵام بێگومان ئەرکی ئاکاری بەبێ ئیرادەی ئازاد دەبێتە شتێکی بێمانا و بەدینایەت لە فەلسەفەی کانتدا، ئیرادەی ئازاد بە یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکانی ئەرکی ئاکاری

دادەنرێت. تاک ئەگەر بەپێی ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆیی هزری خۆی مامەڵە نەکات، ئاکاری نییە. ( 1971, Rawls,319). لێرەدا ڕۆڵی عەقڵ وەک ڕێبەری سەرەکی بۆ ڕەفتاری ئاکاری دادەنرێت.
کانت پێیوایە بەرپرسیارێتی ئاکاری لە ئەنجامی توانای جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵەدا سەرچاوە دەگرێت، وە دەکرێت لەسەر بنەمای بنەما گشتییەکان گشتگیر بکرێت بۆ هەموو کەسێک. کاتێک مرۆڤ بڕیارێکی ئاکاری دەدات، ئەم بڕیارە دەبێت بەبێ جیاوازی بۆ هەموو کەسێک جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیەش دەبێت کردارەکە گشتی و ڕەها بێت. ( 1961, Hart,27). بۆ نمونە ئەگەر تاکێک بەهۆی بەرژەوەندی کەسییەوە بڕیار بدات یارمەتی کەسێک نەدات، ئەوا کردارەکە ئاکاری نییە، چونکە لەگەڵ یاسا ئاکارییەکان ناگونجێت. بەپێی یاسایی ئاکاری، ئەرکە مرۆڤ یارمەتی کەسەکان بدات، نەک لە سەر بنەمایی پەرژەوەندی و قازانج، لەبەرئەوەی ئەم کارە لە خۆیدا ئاکارییە، پێویستە و ئەرکە. سەرەڕایی لێکجیاوازی ئەرکی یاسایی و ئاکاری بەڵام ئەرکی یاسایی و ئەرکی ئاکاری لە زۆر حاڵەتدا یەکتر تەواو دەکەن. وەک یاساکانی مافی مرۆڤ، ئەمانە یاسای یاسایین، بەڵام لەگەڵ یاسا ئاکارییەکان دەگونجێن و دژیان نین، لێرەدا ئەرکی یاسایی و ئەرکی ئاکاری یەکتری تەواو دەکەن، دەتوانین بڵێین کە گونجان لە نێوان ئەو دو ئەرکەدا هەیە. ( 1986, Dworkin,190)، بەڵام هەندێک جار ئەم دو ئەرکە دەکەونە بەرامبەری یەکتری و دژی یەکتر دەوەتنەوە ئەمەش کاتێ ڕودەدات کە یاساکان نادادپەروەرانە بن، لە ڕوی ئاکارییەوە ناڕەوا بن، وەک لە حاڵەتەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی یان ئەو یاسایانەی مافی کەمینەکان پێشێل دەکەن. لەم حاڵەتانەدا، تاکەکان ڕوبەڕوی یاسایەک ببنەوە لەگەڵ ئەو بنەما ئاکارییانەی کە هەیانە ناتەبایە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی ناتەبایی نێوان ئەرکی یاسایی و ئەرکی ئاکاری.
لە ئەگەری ناکۆکی ئەرکێکی یاسایی لەگەڵ ئەرکێکی ئاکاریدا، کانت دەڵێت تاکەکان دەبێ ئەرکی ئاکاری پەیڕەو بکەن تەنانەت ئەگەر یاساکان ناڕەوا بن. لێرەدا نافەرمانی مەدەنی بە ئامرازێکی ئاکاری دادەنرێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە بنەما مرۆییەکان پێشێل دەکەن. بەم شێوەیە نافەرمانی مەدەنی دەبێتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی ڕەتکردنەوەی یاسا ناڕەواکان، جۆرێکە لە بەرخۆدانی ئاشتیانە بە ئامانجی چاکسازی لە نەزمی کۆمەڵایەتیدا. (Hart,1961, 27).
نافەرمانی مەدەنی بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی یاسا ناڕەواکان لە فەلسەفەی کانتدا. نافەرمانی مەدەنی تەنها پێشێلکردنی یاسا نییە، بەڵکو ناڕەزایەتییەکی ئاکارییە بەرامبەر بە دەسەڵاتە ناڕەواکان. مێژو نیشان دەدات تاکەکان زۆرجار پەنا بۆ نافەرمانی مەدەنی دەبەن کاتێک دادپەروەری یاسایی لە لە سیستمی سیاسدا بونی نییە. وەک لە بەرخۆدانی مارتن لوتێر کینگ لە بەرامبەر هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئەمریکا. (Dworkin,1986, 194). نافەرمانی مەدەنی ئامانجی یاخیبون نییە لە خودی یاسا، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە دادپەروەری ئاکاری لەگەڵ یاسا دامەزراوەکاندا ناگونجێت.
تاکەکان لە ڕێگەی نافەرمانی مەدەنییەوە هەوڵدەدەن هۆشیاری گشتی سەبارەت بە نادادپەروەری بەرز بکەنەوە و سیستەمی یاسایی بەرەو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی بکەن. لە فەلسەفەی کانتدا نافەرمانی مەدەنی لەگەڵ ئەرکی ئاکاریدا دەگونجێت کاتێک ئامانجەکەی ڕاستکردنەوەی دۆخێکی یاسایی ناڕەوا بێت. ئەگەر یاساکان زیان بە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بگەیەنن، دەبێتە ئەرکێکی ئاکاری بۆ تاکەکان کە بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاشتیانە و عەقڵانی بەرەنگارییان بن.
سەرەڕای بەشدارییە بەرچاوەکانی کانت لە فەلسەفەی یاسا و ئاکاردا، بەڵام ڕەخنە لە فەلسەفەکەیدا هەیە سەبارەت بە پەیوەندی یاسا و ئاکار. یەکێک لە ڕەخنەگرانی ڕۆناڵد دووۆرکینە دەڵێت جیاوازی نێوان ئەرکی یاسایی و ئەرکی ئاکاری هەمیشە لە جێبەجێکردنی پراکتیکیدا ڕون نییە. بە بڕوای دووۆرکین، ئەو یاسایانەی لە چاوی دەوڵەتدا یاسایی دەردەکەون، ڕەنگە لە ڕوی ئاکارییەوە ناڕەوا بن، ئەمەش پرسی ئاشتکردنەوەی ئەو دوانە ئاڵۆزتر دەکات ( 1986,

Dworkin,196). بۆ نمونە لە ژێر دەسـەڵاتی پاوانخوازی یان دیکتاتۆردا، ڕەنگە یاسـاکان بە تەنیا لە دەسـەڵاتی سیاسییەوە سەرچاوە بگرن نەک لە بنەما ئاکارییەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ناتەبایی نێوان بەها یاسایی و ئاکارییەکان. بەم پێیە دووۆرکین پێیوایە پەیوەندی نێوان یاسا و ئاکار پێویستی بە هەڵسەنگاندنەوە هەیە و سیستەمی یاسایی دەبێت بە بەردەوامی سەرنجی لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ بێت. کارلێکی نێوان یاساکان و بنەما ئاکارییەکان دەبێت نەرم و نیان بێت و لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی بەردەوام بێت بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە هەمو بوارەکاندا. (Dworkin,1986, 198).لە کۆتاییدا، ئەرکی ئاکاری و ئەرکی یاسایی لە فەلسەفەی کانتدا دو چەمکی لێک جیا نین، بەڵکو لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەیەکەوە گرێدراون. ئەرکی یاسایی تایبەتە بە پابەندبون بە یاسا دانراوەکان لەلایەن دەوڵەتەوە، لە کاتێکدا ئەرکی ئاکار لەسـەر بنەمای خۆدی) سـوبژێکتیڤی) ئەو تاکە دامەزراوە. بەڵام کاتێک یاساکان نارەوابن یا لەگەڵ بنەما ئاکارییەکان ناکۆکبن، پێویستە تاکەکان لە ڕێگەی نافەرمانی مەدەنییەوە ئەرکی ئاکاری خۆیان جێبەجێ بکەن یان نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە یاسـا نارەواکان. بۆ ئەوەی دادپەروەری و کەرامەتی ئینسان وەک بناغەیەک بمێنێتەوە بۆ دامەزراندنی دامەزراوە و سیستەمێکی یاسایی.

**ئەنجام:**

١ .پەیوەندی تەواوکەرانەی ئازادی و یاسا :لە ڕوانگەی کانتەوە ئازادی و یاسا دژی یەکتر نین، بەڵکو پەیوەندییەکی پتەو و تەواوکەرانەیان هەیە کە یەکتری بەهێز دەکەن.

٢ .هاوسـەنگی نێوان تاک و کۆمەڵگە :کانت هەوڵیداوە هاوسـەنگییەک دروست بکات لە نێوان ئازادی تاکەکەسی و بەرژەوەندی گشتی، بە جۆرێک ئازادی تاک لە چوارچێوەی یاساکاندا پارێزراو بێت.

٣ .ئازادی وەک مەرجی ئاکار :ئازادی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەرپرسـیارێتی ئاکاری، چونکە تەنها مرۆڤی ئازاد دەتوانێت بەرپرسیار بێت لە کردەوەکانی.

٤ .ئیرادەی ئازاد وەک بنەمای ئاکار :کردارێک تەنها لەوکاتەدا ئاکارییە کە لە ئیرادەی ئازادەوە سەرچاوە بگرێت و پابەند بێت بە یاسا ئاکارییەکان.

٥ .یاسـا وەک چوارچێوەی ئازادی :یاسـاکان سـنوردارکەری ئازادی نین، بەڵکو چوارچێوەیەکن کە ئازادی ڕاستەقینە تێیدا پراکتیزە دەکرێت.

**سەرچاوەکان:**

ئەرستۆ (٢٠١٠) *ئێتیکی نیکۆماخی* .هەولێر: چاپخانەی کوردستان.
کانت (٢٠٠٥) *ڕۆشنگەری چییە؟* .سلێمانی: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
کانت (٢٠٠٨) *بناغەدانای میتافیزیکی ئاکار* .هەولێر: چاپخانەی کوردستان.
کانت (٢٠١٢) *ئاشتی هەمیشەیی* .سلێمانی: چاپخانەی کوردستان.
هۆبز (٢٠٠٩) *لیڤیاسان* .هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
لۆک (٢٠١١) *دو تریتی لەسەر حکومەت* .دهۆک: چاپخانەی زاگرۆس.
ڕۆسۆ (٢٠١٤) *گرێبەستی کۆمەڵایەتی* .هەولێر: چاپخانەی کوردستان.
أرسطو (١٩٨٥) *السياسة* .بيروت: دار الكتب العلمية.
أفلاطون (١٩٧٨) *الجمهورية* .القاهرة: دار المعارف.
أوغسطينوس (١٩٩٢) *الاعترافات* .بيروت: المكتبة الشرقية.
توما الأكويني (١٩٨٨) *الخلاصة اللاهوتية* .بيروت: دار المشرق.
سينيكا (١٩٩٠) *الرسائل الأخلاقية* .القاهرة: دار الفكر العربي.
المعجم الوسيط (٢٠٠٤). القاهرة: مجمع اللغة العربية:.
Aristotle (1998). *Politics*. Cambridge: Cambridge University Press.

Cicero (2010). *De Republica*. Oxford: Oxford University Press.
Dworkin, R. (1986). *Taking Rights Seriously*. Cambridge: Harvard University Press.
Dworkin, R. (2011). *Justice for Hedgehogs*. Cambridge: Harvard University Press.
Fuller, L. (1964). *The Morality of Law*. New Haven: Yale University Press.
Habermas, J. (1996). *Between Facts and Norms*. Cambridge: MIT Press.
Hart, H. L. A. (1961). *The Concept of Law*. Oxford: Oxford University Press.
Hobbes, T. (1996). *Leviathan*. London: Cambridge University Press.
Kant, I. (1998). *Groundwork for the Metaphysics of Morals*. Cambridge: Cambridge University Press.
Kant, I. (1997). *Critique of Practical Reason*. Cambridge: Cambridge University Press.
Kant, I. (1996). *The Metaphysics of Morals*. Cambridge: Cambridge University Press.
Locke, J. (1988). *Two Treatises of Government*. Cambridge: Cambridge University Press.
Oxford English Dictionary (2023). Oxford: Oxford University Press.
Rawls, J. (1971). *A Theory of Justice*. Cambridge: Harvard University Press.
Rawls, J. (1999). *Political Liberalism*. New York: Columbia University Press.
Ricardo, I. (1995). *Theory of Justice*. Cambridge: Cambridge University Press.
Sartre, J.-P. (1992). *Being and Nothingness*. New York: Washington Square Press.
United Nations (1948). *Universal Declaration of Human Rights*. New York: UN Publications.